سەید حەکیم: فرەیی نموونەی ئابووری ڕێگایەکە بۆ چارەسەری قەیرانەکان بەشێوەیەکی کۆتایی

ammaralhakeem.com

لەدیوانی نوخبەی پێشەنگەکان و سەندیکاکان و دوای ئەوەی گوێبیستی قسەی ئامادەبووان بوو، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم (سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت، ئاماژەی کرد کە ڕۆڵی هەیە لە ناساندنی جەماوەر بە سروشتی دۆخی وڵات و ئەو ڕکابەرییانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ڕوونیشی کردەوە کە ناوچەکە لە شەڕدایە و ئەوەش تیشکدانەوەی بە سەر عێراق هەیە و گوتیشی دۆخی عیراق وای کرد کە چارەسەر بۆ ئەو دۆخە تایبەتە نەدۆزرێتەوە، بۆیە عێراق زیانی زۆری بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکە بەرکەوتووە.

بەڕێزیان سروشتی ڕکابەری ئابووری ڕوونکردەوە و دۆخی ئێستای بە ناوازە زانی و گوتی پێویستی بە دابەزاندنی چاوەڕوانییەکان هەیە بەهۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت، سەیج حەکیم ئەو قەیرانەی بە قەیرانێکی جیهانی وەسف کرد کە دەتوانێت فشار بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە ئابوورییە دروست بکات، بەڕێزیان ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد و دەدرێن بۆ دەستبەرکردنی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئاماژەی بە گرنگی خستنەڕووی جووتیاران و بەڵێندەران کرد لە پێشینەکانی کاری حکومەت لە کاتی قەیرانی ئێستادا و ئاماژەی بەوەشکرد، کە مافی جووتیاران و بەڵێندەران بۆ ئاسایشی خۆراک و ڕەخساندنی هەلی کار و بوژاندنەوەی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان زۆر گرنگە، دەبێت ڕێگری لە داڕمانیان بکرێت.

.

.سەید حەکیم داوای کرد وانە و پەند لەم قەیرانە وەربگرن، لە پێش هەموویانەوە بەرزکردنەوەی ئاستی سەقفی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی عێراق و قەبارەی دانیشتوانی عێراقدا بگونجێت، هەروەها جەختی لە پێویستی عێراق بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی کردەوە و جەختی لە گرنگی هەمەچەشنکردنی شوێنەکانی هەناردەکردن لە ڕێگەی تۆڕێکی بەرییەوە بۆ دەریای سوور و دەریای ناوەڕاست کردەوە کە ئەمەش نەرمییەکی زیاتر بە عێراق دەبەخشێت لە هەناردەکردن و ئامانجکردنی بازاڕە نوێیەکان، هەروەها داوای بوژاندنەوەی کەرتە بەرهەمدارەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای مۆدێرن و دوورکەوتنەوە لە مۆدێلی دەوڵەتی کرێچی و تاکە داهات کرد ، لەگەڵ تەرخانکردنی داهاتی نەوت بۆ ئاوەدانکردنەوە و ژێرخانی ئابووری و سندوقی نەوەکانی داهاتوو، بەڕێزیان ئاماژەی بە کۆتایی نزیکبوونەوەی ئەرکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد و ڕایگەیاند کە عێراق بەهۆی بەهێزی دامەزراوە ئەمنییەکانییەوە، ڕکابەری ئەمنی تێپەڕاندووە، سەماحەتی ستایشی ڕۆڵی فراکسیۆنەکانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و قوربانیدانی شەهیدان و ئیدانەی هێرشەکانی بە سەر هەر وڵاتێکی دراوسێی کرد

و بە ئامانجگرتنی شانشینی سعودیە لە خاکی عێراقەوەی ئیدانە کرد و دانی بە وردی ئەو زانیاریانەدا نا کە لەم بارەوە دەستیان کەوتووە، ناوبراو پابەندبوونی عێراقی بە سەقامگیریی ناوچەکە و پابەندبوونی بە بڕگەکانی دەستووری عێراق دووپاتکردەوە.

.

. بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی هاوتەریبکردنی داواکارییەکانی بازاڕی عێراق لەگەڵ بەرهەمی زانکۆکانی عێراق کردەوە، پێویستی کۆمەڵگای بە هەموو پیشەکان ڕوونکردەوە و ڕەتکردنەوەی خۆی لە پارچەبوونی سەندیکاکان و زیادبوونی بێکۆنتڕۆڵی ژمارەیان دەربڕی، هاوکات جەختی لەسەر پێویستی ک□ب□ک□ لە ناو هەر سەندیکایەکدا کردەوە و داوای بەشداری سەندیکاکانی کرد لە بڕیاردان و یاسادانان، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی ئەوان وەک ئەو قەوارە کەرتییانەی کە سوودمەندن لە یاسا و بڕیارەکان بەڕێزیان ڕایگەیاند کە چاکسازی داواکاری هەمووانە و جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامبوون لەسەری کردەوە بەبێ ئەوەی گوێ لە ناڕەزایەتییەکانی ئەو کەسانە بگرێت کە بە ناڕەوا زیانیان بەرکەوتووە.

سەید حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد، سەرۆکوەزیرانی ئێستا ئازادییەکی بەرچاوی هەیە لە بڕیاردان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی چاکسازی، بەو پێیەی بەنیازی ئەوە نییە خۆی بە خولی دووەم کاندید بکات، داوای پشتگیری مامۆستایان و دابینکردنی پارچە زەوییە خزمەتگوزارییەکان بە یارمەتیدانی کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون، هاوکات جەختی لەسەر گرنگی هەمەچەشنکردنی مۆدێلی ئابووری بۆ چارەسەرکردنی هەمیشەیی قەیرانەکە کردەوە...